سەید حەکیم پێشوازی لە وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن دەکات و پێشهاتی سیاسی و رەوشی عێراق لەناوچەکە تاوتوێ دەکات



بەڕێز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا چاوی بە بەڕێز دکتۆر فوئاد حسێن وەزیری دەرەوەی عیراق کەوت، لەم دیدارە بیروڕا سەبارەت بە پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی لە عێراق و ئێرکەکانی وەزارەتی دەرەوە بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵات کرا، لەگەڵ رەوشی عێراق لە پاڵپشتی کردنی سەقامگیری ناوچەکەدا.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگێ پارێزگاری لە دۆخی سەقامگیری ئێستا بکرێت لەسەر ئاستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و جەختی کردەوە کە پێویستە ئەو قۆناغە بەهەموو کارە ئەرێنییەکان بقۆزینەوە بە ئەوەی بگەین بە دۆخی سەقامگیری بەردەوام، هەروەها نیشی کردەوە کە عیراق نزیك لەوەی ئەوە دەستەبەر بکات گەر هەموو هاوکار بن و بەرژەوەندی باڵای وڵات ڕەچاو بکەن.
سەماحەتی جەختی کردەوە کە یەکێزی لەسەر هەموو گۆڕەپانەکان گرنگێ و گوتیشی ئەوە یەکگرتنی نیشتمانی پتەوتر دەکات و پێوەندی نێوان ڕەوەکانی نیشتمان باشتر دەکات.

سەید حەکیم ئاماژەی بەوەدا کە عێراق هەووەوی گرفتی ئابووری و دارایی گەورە دەبێتەوە کە پێویستی بە بیرکردنەوە لە چارەسەری ستراتیژی و ریشەیی و بەرگەگرتنی دەرئەنجامە کاتییەکانیان هەیە، داواشی کرد کەرتی بەرهەمهێنان چالاک بکرێت، بەتایبەتی لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای هاوچەرخ، ئاوێش بەشێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت بە هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و بەهێزکردنی دۆخی ئابووری نیشتمانی..